


## بەکر دەروێش

.....بەرد لە جێی خۆی سەنگینە.. گەردوو گوڵی بەیان بوو، سەبا لـەماڵـە قوڕەکـانی ئـەو بـەرەوە، سـەدای لایـە لایەو نەرمە گریانێکی هێنا، بەسەر نوێنەکەمەوە نیوە خەوتوو نیوە ئاگا بووم، کە ئەو گریانە هۆن هۆن لە نێو سروەی ئەو بەیانەدا دەتوایەوەو دەچووە بە کڕناکەی گوێچکەکانمدا، زەوی بێدەنگ بێدەنگ بە دەوری خۆرا دەچەرخا، لەگەڵ ئەوەی شار لە چاو ڕۆژەکانی تر کپ و خامۆش بوو، وەلێ جاروبار دەنگی تەقەیەك، دووان بێدەنگییەکەی دەشـڵەقان و خامۆشییەکەی دەشێوان، پاشان خەوبردمییەوە، چێشتەنگاوێکی درەنگ هەستام سەیرمکرد تیشکی خۆرەتاوەکـە لـە پەنجەرەکەوە هاتووەتە ژوورەوەو بە دیوارەکەدا هەڵزناوە، کە ڕاست بوومەوە هەستمکرد سەرم دێشێ، بەحاڵ لەسـەر سەرینەکە بۆم ڕاست بووەوە، دەستێکم هێنا بە چاوەکانمدا دەتگوت لمیان تێکراوە، زانیم هـی کـەم خەوییـە، نـۆ ڕۆژ بوو بازاڕومازاڕ نەما بوو، لە نێو حەوشەوە هەندێك گوێم ڕاگرت زریوەی ڕۆحلەبەر نەبوو، گران گـران دەنگـی زونگەیـەك

دەهات، بۆنی ترسێکی خەستی دەپڕژان، دەمزانی گەڕەکەکەمان کەسی تێدا نەماوە بەلاّم نەمدەزانی لە نێو شار لە گەڕەکەکانی تر چیی ڕوودەدات و چی دەگوزەرێ، وابزانم دەترسام بۆیە لە بەر چاوم داری باخچەی هاوسێکەمان گەلاّیان پێوە نەما بوو، لقو پۆکانیشیان هەڵپڕژا بوون بە یەکدا، نۆ ڕۆژی ڕەبەق بوو شار لەژێر بۆردوومانی تۆپە قورسەکاندا دەینالاّند، هێزەکانی دەوڵەت و پێشمەرگەکان لە شەڕێکی سەختدا بوون، هێزەکانی دەوڵەت دەیانەویست شار داگیر کەن، پێشمەرگەکانیش دەیانەویست بەرگری لە شار بکەن و نەهێڵن سوپا بێتە نێو شارەوە، بەلاّم ئەو چێشتەنگاوە وەك ئەوەی تۆپەکان هێشتا لە خەو هەڵنەستابن کپ و بێدەنگ هیچ باسوخواسێکیان نەبوو، کۆترێك بەسەر شورەیماڵەکەی بەرانبەرمەوە کرژکەی کردبوو، لەوە ئەچوو ڕۆژی پێشتر جووتەکەی بەر گوللەیەکی وێڵ کەوتبێت، برسێتی لە سکما با پێچکەی دەکرد، بێ ئیرادەی خۆم بە لۆژە لۆژ چووم بۆ متبەقەکە، دەمی سەلاجەکەم کردەوە هەڵمێکی گەرمی لێوەهات، دوو بوتڵ ئاو و بڕێك نانەڕەقی تێدا بوو، لە پێ ناڕەق و بوتڵێ ئاوم گرت بە دەممەوەو لەسەرکورسییەك دانیشتم، کرتە کرت دەستم کرد بە نانەرەق خواردن، لەپڕ گوێم لە ترپەی پێی چەند کەسێك بوو بە کۆلاّنەکەدا غاریان دەداو ڕایان دەکرد، لەگەڵ ڕاکردنەکەیاندا خڕەی فیشەکدانەکانیان دەهات، دیار بوو چەکدار بوون، بە کوردیش قسەیان دەکرد، لەرزێك بە نێوشانمدا گوزەری کرد، ترسێك بە دڵما هات وتم: خوا بەخێری بگێڕێ لەم دەمەدا هاوەنەکان دیسان دەستیان کردەوە بە گوللە هاویشتن، گوللە هاوەنێك کەوتە پشتی ماڵمانەوە، دەنگێکی ڕەق و ناخۆشی هات، فڕکەی پارچە ئاسن دەهات بەسەر ماڵماندا دەڕۆیشت و لە جێگایەکی نزیك دەکەوت، لە سەربانی خانوویەکی سێ نهۆمییەوە بیکەیسییەکم لێوە دیار بوو، لە پەسا کشوی بەتاڵ دەکرد، لەوە ئەچوو گوردانێکێك لە پێشمەرگەکان لە شوێنێکەوە هەڵکەندرابێتن و پاشەکشە بکەن، ڕادیۆکەم پیلەکانی مردبوو، ئاگام لە هەواڵی دنیا نەمابوو، نەمدەزانی هەواڵی بەرەکانی شەڕ چییە، تەنیا بە دەنگی خومپارەو تۆپەکان دەمزانی شەڕ گەرمەو لە تاو سەندندایە، دەمەو نیوەڕۆ شەڕ لە هەموو قوڵەکانەوە تا دەهات گەرم دەبوو، تۆپەکان شێتانەتر کەوتبوونە بۆردومان کردنی گەڕەکە کوردنشینەکان، کۆپتەرەکانیش چەند جارێك هاتنە ئاسمانی شارو ئەوانیش هەمان گەڕەکیان بە شەستیرو ناپاڵم بۆمبباران کرد، بۆنی دووکەڵ و بارود هەموو شوێنێکی گرتبووەوە، دایك و باوکم و خوشك و براکانم هەر لە یەکەم ڕۆژی هێرشی سوپاوە بۆ سەر شارەکەمان بەرەو کێوەکانی باکوور هەڵهاتبوون و شاریان بەجێهێلاّ بوو، زۆر هەوڵیان دا منیش لە گەڵیاندا بڕۆم، بەقسەیانم نەکرد، هێزێکی نادیار لە ناخمدا هانی دەدام دەیگوت: نەکەی بە ئاسانی ڕاکەیت و شار جێهێڵی، قابیلە روحی تۆ لە روحی ئەو هەموو پێشمەرگەیە زیاترە کە دژی سوپا شەڕدەکەن؟ جا خۆ من پێشمەرگە نیم؟ من هەر نازانم تەقەش بکەم، نا ئەمانە مەکە بەهانە بۆ ڕاکردن، بمێنەوەو مەڕۆ. لەلایەکی تریشەوە هێزێکی تر هانی دەدام و دەیگوت: بڕۆ، بڕۆ خۆت ڕزگارکە، بە خۆڕایی خۆت بەکوشت مەدە، تۆ نە چەکت هەیە و نە شەڕ دەزانی، ئیتر مانەوەت لە شاردا سوودی چییە؟ نەشکوژرێی سبەی سوپا بتگرێ، با هەزار جار بڵێی ئەندازیارم و پێوەندیم بە هیچەوە نییە، هەر وەك یاخیبوویەك ڕەمیت دەکەن، ڕاکەو هەڵێ! لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هێشتا پێم ڕێگای دانەدەگرت بڕۆم و شار بەو وەزعەوە جێبهێڵم، هەستم دەکرد کتێبەکانم، گوڵ و گوڵزاری باخچەکە، دەرگاو پەنجەرەی ماڵەکەمان، دیوارەکان و پێخەفەکان دەترسن و ڕەنگیان زەردهەڵگەڕاوە، تکاو ڕجام لێدەکەن کە لەو میحنەتەدا جێیان نەهێڵم، سەیری هەر شتێکی ناو ماڵەکەم دەکرد وامدەزانی تەماشام دەکاو لێم دەپاڕێتەوە کە نەڕۆم، هێندە بە زەبوونییەوە تەماشایان دەکردم خەریکبوو لە تاوا بدەم لە سووڕەی گریان، شەڕ تا دەهات لە گەڕەکەکانی بن چیا نزیك دەبووەوە، تۆپەکان ئێستا قورسترو خەستتر ئەو ناوەیان دەکوتا، هەموو خانوو و ماڵەکانی گەڕەك بریندا ببوون و پرشی تۆپیان بەرکەوتبوو، بێجگە لە خاپور

بوونی چەندان ماڵی تر، دوا نێوەڕۆی نۆیەم ڕۆژی شەڕەکە بوو، شەڕ بەشێوەیەك لە گەڕەکی پشت سەدە نزیك ببووەوە لە نێو ماڵ و کۆڵانەکاندا گیزەی گوللە دەهات، چەند هەستم بە هاتنی شەڕەکە دەکرد بۆ نێو کۆڵان و ماڵەکان، زیاتر ترس و تۆقین ئەژنۆیان شل دەکردم و نەمدەزانی چی بکەم، خەوم دەهات حەزم دەکرد ئێستا بخەوم و ساڵێکی تر هەستم، کە ئیتر ئەو کاتە شەڕ بەتەواوی کۆتایی هاتووەو دەنگی تۆپ بڕاوەتەوە، بە پێچەوانەی ڕۆژەکانی ترەوە ئەو ساتە نازانم بۆ وام لێهاتبوو گرنگ نەبوو بەلامەوە کێ شەڕەکە دەباتەوە، گرنگ ئەوە بوو تەواو ببوایە و دەنگی تۆپ و خومپارە ببڕایەتەوە، بیرم دەکردەوەو بە خۆمم دەگوت: ئەندازیاری چی و تەڕەماشی چی؟ هەندەسە بۆ ئەم وڵاتە سوودی چییە؟ ئەوەی ئەمڕۆ بنیاتی دەنێی سبەی تۆپ وێرانی دەکات، پیاو هەر لەمناڵییەوە خۆی فێری هاوڕێیەتیی تفەنگ و هاوەن بکات باشترە، وادیارە لەم وڵاتەدا تەنیا چەك دەتوانێ داڵدەی ئینسان بدات! هەستم بە شەرم دەکرد کە تا ئەوکاتە لە هیچ شەڕێکدا بەشداریم نەکردبوو، هیچیشم لە زمانی چەك و شەڕ نەدەزانی، حەزم دەکرد ئێستا تفەنگێکم هەبوایەو لەگەڵ پێشمەرگەکاندا لە شەردا بوومایە، بەمەرجێ لە مردن نەترسابام، لەم کاتەدا خومپارەیەك کەوتە سێیەم ماڵی قۆڵی ڕاستمانەوەو ئاگری لەم اڵەکە بەردا، لە خۆمەوە ڕشانەوەم دەهات و ئێڵنجم دەدا نەمدەزانی چیبکەم؟ شەڕ لە هەموو قۆڵێکەوە بەردەوام بوو، لە نێو حەوشەدا شوێنم بە خۆم نەدەگرت، سەرێکم ماڵ و سەرێکم ناو حەوش بوو، پێش عەسر لە دەرگاکەمان درا، چووم دەرگام کردەوە، دیتم چەکدارێکە دانە دانە لە دەرگاکان دەدات، کە بینیمی وتی: کاکە کێ لە ماڵە زووکەن خۆتان کۆکەنەوەو بۆی دەرچن، سوپا نزیك بووەتەوەو لەوانەیە تا چەند ساتێکی تر ئەم گەڕەکە داگیرکات. هەر ئەمەندەی پێ گوتم و کەوتەوە لێدانی دەرگاکانی ترو خەڵکی لە هاتنی سوپا ئاگادار دەکردەوە، ئێستا ئیتر چارە نەبوو هەموو شتێك کۆتایی هاتبوو، دەبوایە بە زووترین کات روحی خۆم قورتار کەم، بە پەلە پەل بڕێك ئاردو هەندێ خورماو کەمێك وشکەم کردە گونییەکەوەو توند لە بەتانییەکم پێچایەوەو دام بە کۆڵمدا، دەبەیەك نەوتیشم لە گەڵ خۆمدا برد، بە پسکە پسك لە پاڵ ئەم دیوارو ئەو دیوارەوە لەم کۆڵانەوە بۆ ئەو کۆڵان بە ڕاکردن بۆی دەرچووم، کە منداڵ بووین لەم کۆڵانانەدا ڕۆژ تا ئێوارە بەسەرو پێی پەتی ڕامان دەکردو یەکترمان تاودەنا، ماڵەکوچانێ، هەلوکان، کلاو ڕفێنە، شەلاقان و گۆڵانمان دەکرد، نێوەڕوان مەگەر برسێتی ماڵی وەبیرخستباین ئەگینا ماڵمان هەر وەبیر نەدەکەوت، کە دایکمان بەو جلە پیسانەوە دەمانیبینی دوو سێ شەپاڵەی مزری تێ دەسرەواندین، هەر لەم گەڕەکانەشدا کۆدەبووینەوەو دەچووین لە نێو قەبرستانی گەورە لەگەڵ مناڵە تورکمانەکانی گەڕەکی تانکی حەلاو مەلا سەفەردا بە بەردەدەست و قەڵماسن ڕۆژ تا ئێوارە شەڕە بەردمان دەکرد، لە بیرمە جارێکیان سەری کەمەی حاجی رەحیمیان شکان ئێمەش دوای دوو ڕۆژ لە ڕێگای قوتابخانە سەری مناڵێکی تورکمانمان شکان، کە هەرزەکاریش بووین هەر لەم کۆڵانانەدا یەکەم دڵداریمان کردو یەکەم نامەی خۆشەویستیمان بۆ کچانی دراوسێمان نووسی، ڕۆژان بە پاسکیلەوە بە بەردەم ماڵەکانیاندا دەهاتین و دەچووین و فیکەمان دەکرد، شەوانیش بە نیەتی خۆمان کە دەچووین بۆ ژووان لە ترسی کۆکە کۆکی باوکاندا هەڵدەهاتین و لە نێو چاڵە زبڵ و کەلاوە کۆنەکاندا خۆمان دەشاردەوە، ئێمەی کوڕگەلی گەڕەك شەوان تا درەنگانێك بە نێو کۆڵانەکاندا پیاسەمان دەکردو بە دەنگی بەرز گۆرانیمان دەچڕی، لە سەر کۆڵان دەوەستاین و قسەی قۆڕمان دەکردو نوکتەمان دەگێڕایەوەو بەپێکەنینەکانمان، ماڵەکانمان بێزار کردبوو، ئەوانیش هەمیشە لەو شوێنانەی کە ئێمە لێی دەوەستاین نەوتی ڕەش و وردە شوشەیان دەڕشت تا ئێمەمانان لێی نەوەستین، بە نێو کۆڵانەکاندا گیزەی گوللە دەهات، نێو بە نێویش لێرەو لەوێ گوللە هاوەنێك دەکەوت، تۆپی گەورە گەورە، کە پێیان دەگوت نەمساوی لە بن چیا لە ناو ماڵەکان لەسەر شاخ دەکەوت و دەتەقیەوە، پێش ئەوەی لە زەوی بدات بە حەواوە فیکەی دەهات

فیییییوووویووویووبووم!! به دەنگی فیکەکەی دەتزانی دوور یا نزیک دەکەوێت، کە دەکەوتە زەوی دەنگێکی ڕەق و ترسناکی هەبوو، دەیان پارچەی لێ دەکەوتەوە، پارچەکانی گڕز گڕز بوو، لە ماوەی نیو سەعاتێکدا گەیشتمە بن تاشە بەردەکانی شاخ، دەبوایە پێش لە خۆرئاوابوون لە ملە بەرزو سەختەکانی شاخی غەرەوە بچووما بەو دیودا تا بە کاروانی کۆچەریانی شار بگەیشتمایە و لە دەستی تۆپە قورسەکانی سوپا قورتارم بێت، لەو دەمەی رامدەکردو هەڵدەهاتم دەمبینی تاکوتەرا خەڵکی تریش وەك من لە ماڵەکانیان هەڵدێن و ڕادەکەن، لە بن شاخ بووم لە پڕ دوو کۆپتەری جۆری غەزال هاتەنە ئاسمانی ناوچەکەو بە شەستیر کەوتنە دەسرێژکردن لە بن تاویرەکان و ناو شیوو دۆڵەکان، هەر ئەوەندە فریاکەوتم کۆڵەپشتەکەم فڕێداو لەبن تاوێرێکدا خۆمم شاردەوە، دوای نزیکەی دە دەقیقەیەك لە ڕۆیشتنی کۆپتەرەکان لە حەشارگەکەم هاتمەدەر، دیتم دەبە نەوتەکە نیوەی بەتاڵ بووە ژنێکیش کە منداڵێکی بچکۆڵەی ڕەنگ زەردی بە باوەشەوە بوو لەو نزیکە بوو، لێم پرسی: ئەرێ میمی تۆ لەم دەبە نەوتەت نەبردووە؟ وتی: کام دەبە نەوت؟ وتم: ئەم دەبە نەوتە!! دای بەسەری خۆیداو وتی: مەڵێ نەوتە خۆ ئەوە وامزانی ئاوەو دام بەم منالە! کە وای وت وەك کەسێك سەرەوخوار هەڵیواسن، دنیا لەسەرما خولێکی خواردو پیشێکم بردەوە و ئاهێکم هەڵکێشا و هیچم نەوت، لە پڕ دەنگی کۆپتەرەکان پەیدا بووەوە، کردم بە کۆڵە پشتەکەمداو دەبە نەوتەکەم هەڵگرت و ڕاکە، شەوەکەی هەر دەنگی تەقە بوو، سبەینێ لەو دیوی چیای غەرەوە کۆمەڵێك بووین نزیکەی بیست کەسێك چەکدارو بێ چەك، چیبکەین چی نەکەین، خەریکی ڕاوێژ بووین لە پڕ کۆپتەرێکمان لێ نازڵ بوو یەك دوو ناپاڵمی فڕێدا، ئەو ناوەی لە تەپوتۆزا غەرق کرد، هەریەکێ بەلایەکدا بڵاوەمان لێ کرد، لەوێوە ئۆغرێکی نادیاری ژیانم دەستی پێکرد، دوای هەفتەیەك خۆمم لەسەر سنور لە نێو هەزاران ئاوارەدا دیتەوە، لەوساتەوە هەموو شتێك بوو بە ڕابردوو، پاش دوو هەفتە هەواڵپرسین و سۆراغکردن، پاشماوەی خێزانەکەمم لە ئۆردوگای شانەدەری لە نزیك سەید سادق دۆزییەوە، ئۆردوگایەك بوو دەقاودەق وەك ئەو ئۆردوگایەی کە بەختیار عەلی لە شاری مۆسیقارە سپیەکاندا باسی دەکات، ئەمیش شەوێك ڕەشەبا لە گەرمیانەوە هەڵیگرتبوو هێنابووی لەوێندەرێی دانا بوو، ئەوکات زانیم دایکم و باوکمو دووان لە خوشکەکانم پاش دەرچوونیان لە شار بە چەند ڕۆژێك بەر تۆپ کەوتوون و کوژراون، دوو براو خوشکێکم مابوون، لەو ئۆردوگایەدا چوار ئینسانی لەتوپەت لە نێوان هەزاران ئینسانی ئاوارەو دەربەدەردا یەکمانگرتەوە، دوای گریان و ڕژاندنی فرمێسکێکی زۆرو غەم خواردنێکی فرە، بە دەست و دڵێکی پڕ لە ناسۆرەوە، دیسان کەوتینەوە سەر ڕچەی ژیان، ڕێکخراوە مرۆڤ دۆستەکان کۆمەك و یارمەتییان دەکردین، ژیانێکی بڕی و مەمرە دەژیاین، خەڵکی ناوچەکە هەروەك چۆن نەیانهێڵا لە مەرزی باشماخ حەماڵی و کرێکاری بکەین، بەبیانووی ئەوەی گوایە ئێمە خەڵکی ئەو دەڤەرە نین، ئاواش ئەو کۆمەك و یارمەتییانەی لەلایەن ئەو ڕێکخراوانەوە پێمان دەدرا بە زۆریان دەزانی و پێیان ناخۆش بوو، بۆیە ناویان نابووین ( گاگانی تەحالوف)، زۆرجار لەملاو لەولا توانجیان لێدەداین و دەیانگوت: ماکێ خەیاری لووز بە قونی خەڵکی دووز، یان دەیانگوت ماکێ خەیاری کۆك بە هینی خەڵکی کەرکوك، لەو ئۆردوگایەدا هەموو ڕۆژێك ئەو پەندە کوردییەم بیردەهاتەوە کە دەڵێ: بەرد لە جێی خۆی سەنگینە، دوای ساڵێك لە دەربەدەری هەردوو براکەم و خوشکەکەم گەڕاینەوە بۆ دووزخورماتوو، بەڵام من لە جیاتی ئەوەی ڕێگای گەڕانەوە بگرمەبەرو گۆرانی بۆ وڵاتەکەی زین و کاکەمەم بچڕم، ڕێگای هەندەرانم گرتەبەر، ئێستا لەو چێشتخانەیەی کە کاری تێدادەکەم هەمیشە بەدەم قاپ شۆردنەوە هەمان پەندە کوردییەکەی ڕۆژانی ئۆردوگای شانەدەریم بیردێتەوە کە دەڵێ.......!